## كونفرانسی ئەڵمان لە سەر توندوتیژی لە شاری میونشن
## لە ژێر ناو نیشانی پێکەوە بکەوەینە کار بۆ هاوکاری پارستن

ئەم کۆنفرانسە لە ژێر چاودێری پارێزگاری دووهەمی شاری میونشن خاتوو شترۆبل لە رۆژی 27.06.2007 بەرێوە چوو.

بە ئامدەبوونی 28 پرفیسۆرو دوکتۆرو پسپۆری بواری توندو تیژی کە حەوت ورک شۆپیان بۆ ئامادەبون پێشکەش کرد،ئەم وەرکشۆپانە لە سەرتێروانینی لێکۆلێنەوەکەی پرۆفیسۆر کەڤەرمان ئەنجام دران. ئەوەی جێگای باس بێت کە ورک شۆپی ژمارە پێنج 5 لە لایەن دوکتۆرخاتوو دۆرش ئیزابێلا و مامۆستا هاورێ زەنگەنەوە پێشکەش کرا. ئەم ورک شۆپانە ئەنجام دران بۆ ئەوەی ،کە مۆدێلێکی تازە بۆ کاری توندو تیژی دژ بە خێزان ورەنگدانەوەی لە سەر منداڵ بدۆزرێتەوە.

ئەوەی شایانی باسە کە 300 کارمە ندی ئەکادیمی بواری زانستی و کۆمەڵایەتی بەشداریان کردبوو لە کۆنفرانس.

لە کۆتایدا ئەنجامی کۆنفرانسەکە خرایە گفتوگۆ بۆ نوینەرانی وزارەت و مەجلسی راوێژکاری بۆ جێبەجێکردنیان.

ئەمە چەند خالێکە لە سەر ئەنجامەکانی کۆنفرانسەکە.

1.نوێکرنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەموودەسگاکان بۆ رووبەرووبوونەوەی هەرتوندو تیژیەک،کە ناوخێزان یانلەدەرەوە روودەدات.

2. هەموو توندو تیژیەک لە ناو خێزاندا مانای توندو تیژیە دژی منداڵ. دەبێت گرنگی بە منداڵانە بدرێت.

3.جۆری نوێتر بۆ هاوکاری پەروەردەو پێگەیاندن منداڵ و گەنج.

4.دەبێت لە کارەکاندا بە وردەی برانرێتە تەمەن. رەگەزی قوربانیەکە، کور یان کچ.

5.پۆلیس دەبێت بە زووترین کات هاوکاری بگەیەننە یەوکەسانەی کە رووبەرووی توندو تیژی دەبنەوە یان مەترسیان لەسەرە.

6. دەبیت بە شێوازی نوێتر کاری نێو کولتوری پێبکرێت وگرنگی پێ بدرێت.

7. بۆ بنە برکردنی توندو تیژی پێویستە لە مندالی ساواوە بۆ مندڵی باخچەی ساویان ئەمجار بۆ منداڵی قوتاپخانەو گەنج دەست بە کار کردن بکرێت.

دانیال گەرمیانی